حكومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية العقود

ژمارە: ١٢٥٠ /
ڕێکەوت: / / ٢٧ کوردی

(ISO 9001:2015)

العدد:
التأريخ: ٢٩ / ١ / ٢٠٢٥

## جاردانی زیادکردنی ئاشکرا

پاڵپشت بە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك وماڵی دەوڵەت ژمارە(١)ی ساڵی (٢٠٢١) و ئاماژە بە فەرمانی وەزاریمان ژمارە (٦٠٠ لە ٢٠٢٥/١/٨)، و پەسەندکردنی کۆنووسی لیژنەی خەملاندن .

وەزارەتی ناوخۆ / بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان (بۆ جاری یەکەم) ئاگاداری گشت هاووڵاتیان و بەڵێندەران دەکات کە بەشێوەی زیادکردنی ئاشکرا هەڵدەستێت بە فرۆشتنی کۆمەڵێك ماتۆرسکیلی دەستبەسەر داگیراو کە خەملێنراوە بە نزیکەی (٣٥,٦٢٥ کگم) سی و پێنج هەزار و شەش سەد و بیست و پێنج کیلۆ گرام، و کە نرخی هەر کیلۆیەك بە بڕی (٣٢٠) سێ سەد و بیست دینار خەملێنراوە، هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەڵەبجە بکات بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر .

مەرجەکانی بەشداری کردن:-

١- پێویستە هاووڵاتی یان بەڵێندەر ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی پێبێت و قەرزار نەبێت .
٢- ئەو لایەنەی ئارەزووی بەشداریکردنی زیادکردنەکە دەکات، پێویستە چەکی پەسەندکراو یان دەستەبەری بانکی (خطاب ضمان) پێشکەش بکات بە بڕی (٢,٢٨٠,٠٠٠) دوو ملیۆن و دوو سەد و هەشتا هەزار دیناری عێراقی لە بانکێکی حکومی، پێش ئەنجامدانی زیادکردنی ئاشکرا .
٣- کرێی خزمەت بە ڕێژەی (٢٪) وەردەگیرێت لەو کەسەی زیادکردنەکەی بۆ دەردەچێت .
٤- بە بێ پێدانی بارمتەی یاسایی کەس مافی بەشداربوونی نیە .

**تێبینی :**

- زیادکردنەکە لە ڕۆژی ( دووشەممە ) بەرواری (١٠ / ٢ /٢٠٢٥) کاتژمێر (١٠) پێش نیوەڕۆ ئەنجام دەدرێت .
- زیادکردنەکە لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەڵەبجە ئەنجام دەدرێت .
- ئەگەر بەرواری دیاری کراوی پشووی فەرمی بوو ئەوا زیادکردنەکە لە یەکەم ڕۆژی دەوامی فەرمییەوە دوای پشوەکە ئەنجام دەدریت .

- دەبێت ئەو کەسەی زیادکردنەکەی بۆ دەردەچێت لە ماوەی کەمتر لە (١٥) پازدە ڕۆژ کەلوپەلەکان بگوازێتەوە بەرامبەر هەر دواکەوتنێك بە پێی یاسا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت .
- کرێی بڵاوکردنەوە و ئاگاداری هەموو ڕسوماتێکی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی زیادکردنەکەی بۆ دەردەچێت .

لەگەڵ ڕێزدا...

ڕێبەر ئەحمەد

وەزیری ناوخۆ

وێنەیەك بۆ:-

- بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی هەرێم / بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست / لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی هەڵەبجە / بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست / لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری / بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست / لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن و پەیوەندیەکان / بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست / لەگەڵ ڕێزدا .
- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ / بۆ بڵاوکردنەوەی ئاگاداری سەرەوە لە ڕۆژنامەکەتان / لەگەڵ ڕێزدا .
- ڕۆژنامەی خەبات / بۆ بڵاوکردنەوەی ئاگاداری سەرەوە لە ڕۆژنامەکەتان / لەگەڵ ڕێزدا .
- خولاو .



ناونیشان: هەرێمی کوردستان-عێراق
العنوان: إقليم كوردستان-العراق
Address: Kurdistan Region-Iraq
ئیمەیڵ:info@moi.gov.krd
ژ.تەلەفون:٠٦٦٢٢٩٧٣٧٣-٠٦٦٢٢٩٧٢٧٢
www.moi.gov.krd
16/01/2025
(ئاری )